وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

بەیانی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٣

- کردنەوەی (هۆبەی بینینی میزڵدان) لە نەخۆشخانەی ڕزگاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٥/٣١.

بەیانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ٢٠٢٣

- کردنەوەی هۆبەی (تاقیگەی تەندروستی چەمچەماڵ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٥/٣١.

بەیانی ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٣

- کردنەوەی (سەنتەری ماد بۆ نەخۆشیە گوازراوەکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١.

بەیانی ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٣

- کردنەوەی (هۆبەی گورچیلەی دەستکرد) لەنەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١.

بەیانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٣

- کردنەوەی (بەشی دڵنیایی جۆری و کۆنترۆڵ کردنی هەوکردن) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستییەکانی (هەولێر -سلێمانی -دهۆک – هەڵەبجە -گەرمیان – ڕاپەڕین – کۆیە – سۆران -زاخۆ) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١٣.

بەیانی ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٣

- کردنەوەی (مەڵبەندی تەندروستی گرتووخانەی ناوەندی چەمچەماڵ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ سەر بە بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٦/١٣

د.سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی